سەرۆك کۆمار:دوای سەرکەوتن بەسەر چەتەکانی داعشی تیرۆریستدا عێراق سەقامگیریی ئەمنی بەخێوە دەبینێت

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید لە کۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە فرانك بیکەر باڵیۆزی پێشوتری بریتانیا لە عێراق.

سەرکایەتی کۆمار باویکردەوە

لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ پێنجشەممە 30-5-2024 بەڕێوەچو، سەرۆك کۆمار دوپاتیکردەوە دوای سەرکەوتن بەسەر چەتەکانی داعشی تیرۆریستدا، عێراق سەقامگیریی ئەمنی بەخێوە دەبینێت، هەروەها پلانی هەمەلایەنە هەیە بە باشترکردنی واقیعی خزمەتگوزارییەکان و نەژێنکردنەوەی ژێرخانەکان و جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژی بەرنامەبەداڕێژراو، کە بەتایبەتی هانی دەرفەتی وەبەرهێنان و چالاککردنی رۆڵی کەرتی تایبەت لەخێدەگرێت.

لە بەرامبەردا باڵیۆزی پێشوتری بریتانیا دوپاتیکردەوە، عێراق لە چەند ساڵی رابردودا پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە بواری ئاسایش و سەقامگیریدا بەخێوە بینیوە، هەروەها ستایشی پێشکەوتنی لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری و بونیادنان و ئاوەدانکردنەوەدا کرد.